نێچیرڤان بارزانی و سەرکردەکانی ئۆژئاوا: گفتوگۆ تاکە ڕێگەی گونجاو بۆ چارەکردنی کێشەکان



سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە فەرماندەی هێزەکانی ئێنکەس کرد، هاوکات لە میانی کۆبوونەوەی نێوانیان، نەخشەڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە گرژی، ئاڵوگۆڕیان و چەسپاندنی ئاشتی تاوتوێ کرا.

شەممە، 17ـی کانوونی دووەمی 2026، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا کۆدەستی موتەبەع کۆتووە ڕایگەیاند: نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مەزلووم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هێسدە)، محەممەد ئیسماعیل، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئێنکەس) و شاندێکی یاوەریان کۆبوونەوە.

بە پێی ڕاگەیەنراوەکە، تەوەرێکی سەرەکیی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ هەڵسەنگاندنی دواترین پێشهاتە مەیدانییەکان، بە تایبەتی ئەو پێکدادانە سەربازییانەی کە لەم دواییانەدا لە نێوان سوپای عەرەبیی سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕوویان داوە. لەم ڕووەوە، هەردوولا جەختیان لەسەر زەرووریەتی "چەسپاندنی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە گرژیی سەربازی و توندوتیژی" کردەوە، وەک هەنگاوێکی بۆ پێڵە بە

پاراستنی دۆخی ئێستای سووریا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، دیدگەکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتەوە کە گفتوگۆ تاکە ڕێگەی گونجاو و دروستە بۆ چارەکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە. هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە پێویستە کار بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی سووریای نوێدا بکرێت.

گفتوگۆکردن لەسەر هەنگاوی کردەیی و پلانی ئایندەیی بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی بەهێی شەڕ و ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکانی نێوان نێچیرڤان بارزانی و شاندی میوان بوو.

لە کۆتایی دیدارەکەدا، شاندی میوان (هەسەد و ئێنەکەس)، سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ڕێز و هەوڵە بەردەوامەکانی نێچیرڤان بارزانی دەربڕی. شاندەکە ستایشی جووڵە دیپلۆماسییەکانی ناوبراویان کرد لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی "پاراستنی ئارامی، سەقامگیری و ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی زیاتری گرژی و ئاڵۆزییەکان."